فرانسیسکۆس بە برایانی گوت خوداحافیز، دانەوێوەو بەر دەرگاکەی پۆرتیۆنکولای ماچکرد، پاشان نیگا فرمێسکاوییەکەی بڕییە هەموو شتێك، خواحافیزیی لە درەخت و تەیرو برا نەمامە خۆنەویستەکانی کرد، خوداحافیزیی کرد لە دڕك و پونگەو هەموو تەرزە گوڵە کێویلە و جۆرە تەڵانێکی چکۆڵە کە لە دەوروبەری دایکە پیرەکەمان، پورتیۆنکولا ڕووابوون.

گوتی: " دەی برا لیۆن بەناوی خودا!" وایگوت و چووینە دەرێ.

لێمپرسیی: " برا فرانسیسکۆس، بیرتکردۆتەوە بچین بۆ کوێ؟"

وەڵامیدامەوە:" بۆچی بیر لەوە بکەینەوە؟ خودا ئەوە دەکا، ئەوەش بەسە. چما تۆ ئەو گوڵە زەردە پرشنگدارانەت نەدیوە

گوتی:" ئێمەیش پرسیارێکمان هەیە، باشە ئەدی تۆ بانگهێشتکراویت؟"

وەڵامیمدایەوە:" ئا، ئەدی چۆن. بۆچی وا مەزەندە دەکەیت بانگهێشت نەکرابم؟"

- " کێ بانگهێشتی کردوویت؟"

- " خودا!"

چێشت لێنەرەکە دایە قاقای پێکەنین.

- " باشە داماو، تۆ برسیتەو هاتوویت شتێك بخۆیت، ئیتر لە خودا گەڕێ!"

وایگوت و بەرەو موبەق چوو.

لەو ماوەیەدا فرانسیسکۆس ڕاوەستاو سەرگەرمی ستایشکردنی ئەو چەکە ئەمیرییەی سەر دەروازەکە بوو کە بریتیی بوو لە شێرێك کە لەسەر پێی دواوە ڕاوەستاوو دڵێکی بە چنگەوە بوو، لەسەر دڵەکە نوسرابوو: من لە کەس ناترسم.

فرانسیسکۆس ئاماژەی بۆ چەکەکە کرد.

